

# دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ بچکۆلەکەت

## مێشکە سەرسوڕهێنەرەکەی منداڵەکەت

تا ئەو کاتەی لەدایک دەبن، منداڵان پێشوەختە ملیاران خانەی مێشکیان هەیە – بەڵام کەمیان پەیوەست کراون. مێشکیان بە خێرایی پەیوەندی دروست دەکات، و لە هەر چرکەیەکدا تا ملیۆنێک پەیوەندی نوێ دروست دەکات. و کارە ڕۆژانەکانت یارمەتیدەر دەبن بۆ دروستکردنی ئەو پەیوەندییانە.

منداڵەکەت بە ئامادەییەوە بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵت لەدایک دەبێت. دەتوانن گوێیان لە هەموو دەنگێک بێت و جیای بکەنەوە لە هەموو زمانێکدا تا دەوروبەری 6-8 مانگی، کاتێک دەست دەکەن بە خۆگونجاندن لەگەڵ زمانی (زمانە ڕەسەنەکانی) خۆیان. تا تەمەنی 18 مانگی، دەتوانن وشەیەکی نوێ لە هەر دوو کاتژمێرێکی بەئاگابووندا فێربن!

## دروستکردنی پەیوەندی لە ڕێگەی ساتەکانی ڕۆژانە

هەموو کارلێکێک یارمەتی منداڵەکەت دەدات هەست بە دڵنیایی و خۆشەویستی بکات، کە ئەمەش پشتیوانی توانای ئەو دەکات بۆ ئارامکردنەوەی خۆی و متمانە و خۆڕاگری بونیاد دەنێت.

هەرچەندە سەرنجی زیاتری پێ بدەیت، زیاتر لە زەردەخەنە، گغەگغ و گریانی تێدەگەیت، کە ئەمەش وا دەکات دابینکردنی پێداویستییەکانی و بونیادنانی متمانە ئاسانتر بێت.

### ڕێگەی سادە بۆ دروستکردنی پەیوەندی

- کاتێک پێویستی بە ئارامییە هەڵی بگرە – شتێک نییە بەناوی باوەشپیاکردنی زۆر!
- هەموو ڕۆژێک قسە و یاری بکە – دەنگ و دەموچاوی تۆ خۆشەویستترین شتن لای ئەو.
- مۆبایلەکەت دابنێ و تەلەفزیۆنەکە بکوژێنەوە – منداڵەکەت بەبێ سەرقاڵکەرەکان باشترین سەرنج دەدات. پێشنیار دەکرێت کە منداڵانی ساوا و شیرەخۆرەی ژێر تەمەن 2 ساڵ هیچ پەیوەندییەکیان بە شاشەوە نەبێت مەگەر لە کاتی پەیوەندی ڤیدیۆیی بێت لەگەڵ کەسێکی خۆشەویستدا
- ئاگاداری خۆشت بە – تەندروستی و لەش ساغیت گرنگە. ئەگەر نیگەرانیت، قسە لەگەڵ سەردانیکەری تەندروستی یان پزیشکی گشتی بکە.

ئامۆژگاری و پێشنیاری زیاتر لە **parentclub.scot/baby-development** بدۆزەوە

ئامۆژگاری زیاتر لەسەر بەکارهێنانی مۆبایل لە دەوروبەری بچکۆلەکان لە **parentclub.scot/baby-screen-time** بدۆزەوە